بەرێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و داورودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بەتۆمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە، گەشبینی شەقامی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە. هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەلێ سەرنجی تر ئەمرۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆیە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەلێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

**1-دادگای بالای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.**

**2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکالای ژیان لێکەوتووان.**

**3-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟**

**4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟**

## مەهدی کامیل ( نیا )

**بێگومان من ناتوانم وەك لایەنی یاسای قسە لەسەر ئەم دادگاییە بکەم ، لانی کەم لە ڕەهەندە سیاسیەکانی دەدوێم . کە تێهەڵکێشی لایەنە یاساییەکەشە لەهەمان کاتدا . هەمیشە سیاسەت پێویستی بەیاسا گەلێك هەبوە بۆ شەرعیەت دان بەخۆی ، هەموو جۆرە سیاسەتێکیش کار بۆ بەیاسای بوونی خۆی دەکات ، کە بێگومان لە پەیوەندیەکی دیالەکتیکیدان وەیەکتر بەرهەم دێننەوە شەرعیەت لەیەك وەردەگرن بەبەردەوامی . هەمووان دەزانین ئەو تاوانانەی ڕژێمی بەعس ئەنجامیداوە تاوان گەلێکن زیاتر لە مرۆڤێك و زیاتر لە ڕەگەزێك و زیاتر لە نەتەوەیەك و زیاتر لە مەزهەبێکی کردۆتە ئامانج و قوربانی .**
**یەك لەوانە تاوانی ئەنفالە ، بەلام تاکە تاوانیش نیە بەڵکە ئەمە یەکێکیانە دژی ڕەگەزێکی دیاری کراوی کۆمەڵگای عێراقی و مرۆڤایەتی بەگشتی ، هەردەسەلاتێکی سیاسی بۆخۆی خولقێنەری یاسای تایبەتی خۆیەتی خۆئەگەر دکتاتۆریش بێت یاساکانی زیاتر نەرجسیانەو خۆپەرستانەتر دەبێت ،**
**دادگای بالای تاوانەکانی عێراق**
**کاربە یاساگەلێك دەکات کە یاسای ڕژێمی لادراوی عێراقە ، ئەم یاسایە مۆری تەیدی داوە لە تاوانی ئەنفال یان لانیکەم لە ئاستیدا بێدەنگ بووە و شەرعیەتی پێداوە ، بەلام ئێستاکە هەمان یاسا داڕێژەرانی خودی یاساکە و جێبەجێکەرانی دادگای دەکرێن . لێرەوە مزداقیەتی ئەم یاسایە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە . لایەنێکی تر لە هەر وولاتێکی ئاسای و دیموکراسیدا مەرجە و دەبێت دەسەلاتەکان لێك جودا کرابێتەوە تارەوتی ژیانێکی نۆرماڵ بگوزەرێت ، گرنا ئەو وولاتە لەسەرسکەی ئاسای و بە پێوەرەکانی جیهانی ئەمرۆ وولاتێکی تەندروست ناناوێنێت . پێویستە دەسەلاتی ( تەشریعی و تەنفیزی و قەزائی ) سەربە خۆ و دابڕاو لەیەك**

کاربکەن . بەڵام ئەم حاڵەتە لە ژێر سایەی داگیرکاری ئەمریکا و پەلاماردانی گروپە سیاسیەکانی ناو عێرق بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە پشت ئەمریکاوە ، وە بوونی میلیشیای تایبەت بەگروپە ئەنتی و سیاسیەکان بوونی هەیە ، بێگومان سەربەخۆی دادگا پارێزراو نیە. بۆیە عێراق وولاتێکی نائاسای و خاوەن سەروەری لە بارێکی ئاسایدانیە . لێرەوە ئاسانە گروپ و هێزە سیاسیەکان کاریگەریان لەسەربارى قەزاو رەوشی دادگای کردنەکە هەبێت ، بۆیە دادگایەکی گونجاونیە باشترین چارەسە ئەوەدەبێت ئەم دادگایە هەرلەسەرەتاوە لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا ئە نجام بدرایە ، یان لێرەدا ڕابگیرێت و بگۆڕدرێت بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتی
2 – دەنگەکان

نیا-
هەروەك ئاماژەم پێدا ڕژێمی عێراق تەنها تاوانی ئەنفالی ئەنجام نەداوە لە عێراقدا وە تەنها کوردیشی نەکردۆتە ئامانج ، بەڵکە عەرەب و ئاشوری و تورکمان و باقی پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگای عێراق قوربانی دەستی ئەم ڕژێمەن ، بۆ نمونە هەشت ساڵ جەنگی بێئەنجام لەگەڵ ئێران ، کە سوتەمەنیەکەی خەڵکی ئەم وولاتە بوو تاوانیە ؟ بە فیڕۆدانی سەروەتی ئەم وولاتە لە جەنگێکی بێ ئەنجامدا تاوان نیە ؟ ناچارکردنی فەردی ئەم وولاتە بۆ بەرگری لە نیشتیمان و چوونە سەنگەر دور لەخواست وئیرادەی خۆی وەك جەنگاوەر و بەرگری کاری نیشتیمان تاوان نیە ؟ بەڵام ئەگەر ئەم دادگایکردنە شەرعی و ڕستەقینە و سەربەخۆیە کوا وەڵامی ئەم چەشنە پرسیارە ، بۆ دۆسیێەکی تایبەت بەم تاوانانەش ناکاتەوە ، یان هەر لەسەرەتاوە ئەمریکا بۆ خۆلادان لە پرسیاری لەم تابیە نەی وویست دادگایکردنەکە جیهانی بێت ، کە بۆخۆی جێگای گومانە .
ئەی جەنگی کوەیت تاوان نیە ؟ کە کۆمەڵگای عێراقی نوقمی گەورەترین تراژیدیای ڕوبەڕوبونەوە ی مەرگ و ژیان کرد لەگەڵ برسێتی دا ، ئەم جەنگە بەئیعازی کێکرا ؟ کێ بڕیاری هێرشی دا ؟ ئەنجامەکەی بۆ خەڵکی عێراق چی بوو؟ خواستی کێی لە پشتەوە بوو ؟ خۆئەگەر تاوان بێت ئەوا دووجار تاوانە ، یەك لە بەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە کە لەبەرامبەر حورمەت و کەرامەتی خەڵکی ئەم سەرزەمینەدا کردی ، دوو ئەم تاوانە تاوانێکی نێونەتەوەییە لە بەرامبەر وڵاتێکی عەرەبیدا ئەنجامیداوە ، سەروەری سڕیەوە ،سەروەت و سامانی بەتاڵان بردوە ، بێگومان ئەمانە هەموو پێویستی بە وەڵام هەیە .
ئەی کیمیابارانکردنی هەڵبجە وباقی ناوچەکانیتر ئەگەر دۆسێی هەڵبجەش بکرێتەوە ڕەنگە وەڵامی پرسیاری لە چەشنی ئەوەی سەرچاوەکانی پێدانی ئەم چەکانە کێن ؟ تەکنەلۆژیای دروست کردنی ئەم چەکە کۆمەڵکوژانە چۆن گەیشتە دەستی عێراق ؟ ئەو کۆمپانیایانەی سەرچاوەی دابین کردنی ئەم چەك و تەکنەلۆژیایە کامانەن ؟ یان حکومەتەکانیان ئاگاداری ئەم بازرگانیەن ؟ ئێستا لەوانەیە هەندێك لەو حکومەت و کۆمپانیایانە لە عێراقدا خەریکی کاربن وە لە خێری ئەم وڵاتە لە من زۆر زیاتر بەهرەمەند بن ؟
خۆگرتن ی کەسێك بە تۆمەتی ئینتمای سیاسی تا لێدان و ئەشکەنجە و سجن کردن و کوشتنی لە ژوری زینداندا ، تاوانە ولە گەڵ هیچ پێوەرێکی دنیا نایەتەوە .

تاوان هەر تاوانە چەندە بچوکیش بێت لەدژی هەرکەسێك بەهەر بیانویەك هەرکەسێك پێی هەستابێت .
تاوانەکانی ڕژێمی سەدام بە شێوەیەکی سیستماتیك و مەبەست دار بووە ، بەلاّم لەناو ئەم پڕۆسەی تاوانەدا تاوانی گەورەتر ئە نجامدراوە کە دادگاش تائێستا خۆی لە قەرە نەداوە ، بۆ نمونە بەچی مەبەستێك بەچی حەقێك حکومەت بازرگانی بە کچە ئەنفالکراوەکانەوە کردووە فرۆشتونی ؟ کێ کڕیارە ؟ بەکێ فرۆشراون ؟ بەچەندی فرۆشتوون ؟ نرخی مرۆڤێك لەم پڕۆسەیەدا چەندە ؟ سەرجەم قوربانیەکانی ئەنفال چەندە ؟ ئەم کاڵا زیندوانەی ئەگەر فرۆشتوە بۆ هەڕاج فرۆشی کردوون ؟ ڕەنگە ئەمە یەکەم جاربێت حکومەتێت هاولاّتیەکانی خۆی بفرۆشێت .
لەبەر هەموو ئەمانە ئەم دادگایە لە نزمترین ئاستدا بەڕێوەدەچێت ، خواستەکانی کەسی قوربانی تێر ناکات ،تەنها ئەوە نەبێت لە زهنی کەسی قوربانیدا ئینتقام لە جەلادەکەی وەرگیراوەتەوە.
3- دەنگەکان
نیا-
شەقامی کوردی دووبەشە دەسەلاّت و خەڵك ، نازانم تائێستا من ورتەیەکم نەبیستوە ئەمەش ڕەنگە گەر هەڵە نەبم دوو هۆکاری هەبێت ، یەك یان ڕەوشی دادگایکردنەکە بێزاری کردوون و بۆیان گرنگ نیە پڕۆسەکە بەرەو کوێ دەڕوات . یان ئەو واقعیەتەی لە کوردستان بە وجوود هاتوە وای لە بەشەری ئەم ناوچەیە کردوە نەیان پەرژێتە سەر ئەوەی ئەسڵەن چ باسە ، بەشوێن چارەی گرفتەکانی خۆیانەوە مبتەلابن ، خەڵکی هەزارو یەك فشاری لەسەرە بۆیە ئاساییە گەر کەمێك دورە پەرێزبن ، دەتوانم بڵێم کەسانی دەرەوەی وولاّت زیاتر چاودێرن لەسەر پڕۆسەکە وەزیاتریش بۆیان گرنگە .
سەرەڕای ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد دنیایەك نیشانەی پرسیاری لەسەرە بەوەی کەڕەوشی دادگاییەکەی بۆ گرنگ نیە، یان نەی توانیوە وەعییەکی گشتی دروست بکات لە بەرامبەر بەم پڕۆسەیەدا ، ڕەنگە لەکاتی خۆشیدا هەر گومانی لەسەر بوو بێت . بۆ نموونە نەوشیروان مستەفا لە شوێنێکدا دەڵێت ( لە پێش پرۆسەی ئەنفالی یەکدا سەرانی بەرپرسی بەرپرسی ئەو پڕۆسەیە لە کۆبونەوەدا بوون لە سلێمانی ، لە کاتی گەڕانەوەیاندا لەڕێگەی دوکان ، بۆسەیەکمان بۆ دانان ، بەلاّم بەرلەوەی یەکەم سەیارە بگاتە بۆسەکە لە لایەن جاشەکانەوە ئاگادارکرانەوە ، بۆسەکەمان شکستی خوارد ، کەڕەنگە ئەگەر وانەبوایە پڕۆسەی ئەنفال شکستی بهێنایە )
بەلاّم کێدەڵێت یەکێکی ناو بۆسەکە لەوانەی کەئێستا خاوەن فایلن جاشەکانی ئاگادار نەکردووە ؟؟؟ ڕەنگە وابێت .ئەوەی لێی بەرپرسیارن ئەوەیە خاوەن فایلەکان تائێست لە دەسەلاّتدان ، لە پڕۆسەیەدا ئەوەی لەسەر شانی ئەم دەسلاّتەیە زۆر زۆرە ، بەلاّم خۆدەیان توانی چەند وەرگێڕێکی زۆر باش دابنێن ، لەوانەیە هیچیان سەیری دادگایکردنەکە نەکەن تابزانن وەرگێڕەکان خراپن ، دەستەی پارێزەران زۆر زۆر لاوازە ، خۆ پێش سێ ساڵ دەیان زانی ئەم پڕۆسەیە ئە نجام دەدرێت بۆ کۆمەڵێك بەڵگەو کەسی باشیان ئامادەنەکرد لە پارێزەران ، بۆ شاهیدەکانیان وەعی تر نەکردەوە لانی کەم کۆمەڵێك پرسیار کەئەگەری کردنیان هەبوو ڕوبەڕوی شاهیدەکان نەکرایەوە تابزانن وەلاّمیان چی دەبێت وەهەڵەکانیان بۆ ڕاست بکەنەوە . لە ساڵی

1991 دا به چەندین تەن بەڵگە نامە و دۆکۆمێنت درانە نەتەوە یەکگرتوەکان ، بەڵام یەک دانەی لە لایەن دەسەڵاتی کوردیەوە لێی نە پرسرایەوە سودی نەگەیاند بە وەزعەی ئێستا . تا کار بەم دەردە نەچێت

4- دەنگەکان

نیا-

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان پرۆسەی ئەنفال و جۆری دادگای کردنەکەدابکەین ، زۆر جیاوازی دەبینین , ئەم دادگایی یە بەم ڕەوشەی ئێستایەوە چاوەڕوانی هیچ ئە نجامێکی لێنا کرێت , بەم مەعنایە واقیعەن لە حەجمی ڕاستەقینەی پرۆسەکە دا دەبەزێنێت . بەبڕوای من تا ئێستا پرسیاری جەوهەری ئاڕاستەی تاوان باران نەکراوە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا . مرۆڤی ئەم سەرزەمینە لە زهنی تاوان بارانەوە چیە ؟ تا ئەگەر لەداهاتوودا بیرو باوەڕی لەم چەشنە بوژایەوەو سەری هەڵدا هەربە زووی بەری پێبگیرێت , بۆ یە دان پیانانی تاوان بار بەوەی هۆکاری ئەم کردەوانە چیبوون گرنگە, لە ڕووی یاسایشەوە گرنگە دەتوانرێت ئەو بیرو باوەڕانە یاساغ بکرێت .

ئەگەر دادگایی کردنەکە ڕەوانەی دادگای نێو دەوڵەتی بکرێت ، وە تاوانی ئەنفال وەك جینۆ ساید لەبەرامبەر کوردا بەڕەسمی بسەلمێت دەبێتە تاوانێکی نێو دەوڵەتی نەك ناوخۆیی عێراق .